# عێراق: پرۆسەیەك لە جەنگ و دوو ئاینده!

**حەمەغـــــــفور**

جیهان لە سێ دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاری گەورەگەورەی بەخۆوە دیوە. داڕمانی دیواری بەرلین، هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ناسراو بە پۆڵی سۆڤیێتی جاران و کۆتایی جەنگی سارد. جیهانی جووتپۆڵی لەگرێژەنەچوو، پاش دەیانساڵ ژیانکردن لەتوێی کێبەرکێی دوو شێوە مۆدێلی سیستەمی سەرمایەداریدا، مرۆڤایەتی پێینایە سەرەتایەکی نارۆشن و ترسناکتری خۆڕاهێنان وخۆئامادەکردن بۆ هەڵکردن لەگەڵ جیهانی پاش دووقوتبی. ئەم ڕووداوە لەگەڵ شۆڕشی ساڵی 979ی ئێراندا دە ساڵیان نێوانبوو. ڕژێمی ڕەزاشای ئێران کەیەکێك بوو لە بنکە هەرە سیاسی وستراتیژییەکانی ئەمریکا دوای ئیسرائیل لە خۆرەلاتی ناوەندا، لەڕێگای شۆڕشێکی جەماوەریەوە سەرنگوومکرا. هەرچەند ئەمریکا و ڕۆژئاوا ڕژێمی شا و ئێرانیان دۆڕاند، بەڵام هەرەس و پاشەکشەی سۆشیالیزمی ڕووسی قەرەبوویکردنەوە و دایانلەتەپڵی شایی ولۆغانی سەرکەوتنی دیموکراسی ومەرگی کۆمۆنیزم وئینسانییەت، تەنانەت تاڕادەی کۆتایی مێژووش کێشیاندا. ئەم ڕووداوە کارەسات و تراژیدیا سەرسوڕهێنەرەکانی پێکدادانە میللی و قەومییەکانی وولاتانی باڵکان و قەسابخانەکانی ئینسانکوشتنی یوگۆسلاڤیای بەشوێن خۆیدا هێنا. مرۆڤایەتی بۆ ماوەی دوو دەهە شاهیدی ئەم دراما جەرگبڕانەیە بوو، ملیۆنەها ئینسانی ئەو سەرزەمینانەی بە بلۆکی ڕۆژهەڵات ناودەبران ئێستاشی لەگەڵدابێ بەقەدرەوە سەری ڕێزیان دادەنەواند بۆ سەردەمی ژیانی ژێرسایەی جیهانێك ومۆدێلێك کە ڕووکەشێکی کۆمۆنیستی پێوەبوو! دیموکراسی یا سیستەمی بازاڕی ئازاد ڕووی لەپایماڵکردنی هەموو مانا و ئایدیا ئینسانییەکان و ژێرپێنانی حورمەت و کەسایەتی تاك و کۆ بوو. بنەما و ئەساڵەتی مرۆڤ کەوتە بەر پەلامار. هەرەسی بلۆکی سۆڤێت بەمانای سەرەتایەك وێنادەکرا بۆ سڕینەوەی ئومێد بەهێنانەئارای دنیایەکی باشتر.

لەئێران ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەرامبەر شۆڕشی خەڵکی وەستانەوە و کۆنگرەی گۆدانلۆپیان بەست بۆ سازدانی پیلانێك لەپێناوی لەباربردنی شۆڕشدا. خومەینیان لە درۆ داتاشی و ڕاگەیاندنی ئەڵقەلەگوێیان هاویشتە پشتی و ناسنامەی ئیسلامیان بەزۆر کردبەبەری خەڵکی ئێراندا و بزووتنەوەی ئیسلامیان سواری سەری خەڵك و شۆڕشکرد. بێجگەلە 26 ساڵ ئیعدام وکوشتار و سەنگەسار، 150هەزار ئیعدام لەشەریفترین وشۆڕشگێرترین ئینسانەکانی خەڵکی ئێران بەردەبازی پەرینەوەی ئیسلام وخومەینی کران بۆسەر تەختی دەسەلات. ئەگەرچی بلۆکی سۆڤیت بەهۆی ئەزمە و ناکۆکییە دەرونییەکانی خۆیەوە لەبەریەك هەڵوەشایەوە، بەڵام مۆدێلی ئامادە و سەرکەوتوو دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بوو. خەڵکی ئەم وولاتانەش بەناچاری کەوتنەژێر کاریگەری تەبلیغاتی ڕۆژئاواوە و ڕمبەی شایی ولۆغانی سەرکەوتنی دیموکراسی ووریکردن

وشوناسی قەومی ومیللییان وەکو تەوقێك بەباڵادابڕا. یەکتربڕینەوە و پێکدادانەکانی باڵکان دەرەنجامی وەهمیان بوو بە دیموکراسی. بەمجۆرە پرۆسەیەکی سیاسی ودیموکراسی کەساڵی 989بەدوای داڕمانی قوتبی سۆڤێتدا دەستیپێکرد و بەناو زنجیرەی کارەساتە جەهەنەمییەکانی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا تێپەڕی وسەرەنجام قاتوقڕی و دواکەوتوویی ئابووری وکۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا هێنا تائێستاش جێگیرنەبووە، تەنانەت خەڵکی ئەو شوێنانە کەوتوونەتە بەرامبەری دیموکراسی ونوێنەرانیشیەوە. بەڵام عێراق جۆرێکی تربوو لەم سیناریۆی دیموکراتیزەکردنە ئەمریکایی و ڕۆژئاواییە. جیهانی تاکپۆڵی لەسەر یەك قاچ تواناى ڕێکردنی نەبوو. دژێك بوو لەخۆیدا و دەبوو حەلبکرێت. لەدیدی دیموکراسییەوە جیهان پێویستی بە ملهوڕێك هەبوو کەلەڕێگای زەبروزەنگەوە هەژموونی خۆی بەسەریدا داسەپێنێ. ئەم ئامانجە بووە ستراتیژی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا، کە داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدامەوە بەهانەیەك بوو بۆ بەرپاکردنی جەنگ. پرۆسەی نیوەناچڵی بۆشی باوك بەهۆی کارەساتی 11سێپتێمبەرەوە بۆشی کوڕ خستییەوەکار. سیاسەتی ڕژێمچێنج بە کشانی ئوستوڵە سەربازییەکانی ئەمریکا بەرەو کەنداو چووە مەودای جێبەجێبوونەوە. ئەمریکا لەڕێی نەعرەتەی جەنگی لەناوبردنی تیرۆر و دیکتاتۆرەکانەوە بەپێچەوانەی خواستی ملیۆنی خەڵکی دنیاوە جەنگی داگیرکردنی عێراقی هەڵگیرساند. پرۆسەیەك لەجەنگ پانتاییەك لەکوشتنی ژیان و واتاکانی کەوتەسەرتل.

ڕژێمێکی پۆلیسی وفاشیستی بەعسی بەدرێژایی 35ساڵ حوکمڕانی بەپشتیوانی ئەمریکا وڕۆژئاوا کۆمەڵگایەکی لەماناکانی ژیان و وێنای سۆز و ویژدان داتەکاندبوو. سەتاپای خەون و خەیاڵ و وێنامرۆییەکان دەبوایە بەناو فیلتەرەیشنی فاشیزمی بەعسیدا تێپەڕینایە. لەنینۆکی ووشترەوە هەتا تەپڵی سەری خودا وئاسمان دەبوو ملکەچی حیزبی بەعس بوونایە و لە خزمەتی بەرنامە وسیاسەتی ئەودا دەسەوئەژنۆ بوەستانایە! پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق کاتێك بەبیری ستراتیژیستە ئەمریکی وڕۆژئاواییەکاندا هات، کە خودی ئەوان سومبولی قەهری دەسەڵاتی بەعسیان بەلوتکەی دیکتاتۆرییەك گەیاندبوو دەکرا وەکو نموونەی دەسەڵاتێکی شێت ویاخی لە مرۆڤایەتی، یاخود بەوێنەی "مەترسی وهەڕەشەیەك بۆسەر هەسارەی زەوی!" نیشانی ڕای گشتی بدرێ و لابردنی ئەو مەترسییە بخرێتە بەرنامە ودەستووری کاری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە. ڕۆژئاوا ئەمجارە بەبەرنامە و بەنەخشەوە دەستیبرد بۆ پرۆسەی "بەدیموکراسیکردنی عێراق". بەر لەهەر شتێك شوناسی هاووڵاتیبوونیان وەکو بەرەنجامی دیکتاتۆریەتی ڕژێمی سەدام وێناکرد، ناسنامەی قەومی ومیللی وتائیفیان ئەندازیاریکرد بۆ خەڵکی عێراق و بۆ هەر یەکێکیشیان چەند دەمڕاست و نوێنەریان قوتکردەوە و داتاشی. وەتێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی خواست و ماف ئەم قەوم و تائیفە و مەزهەبانە ناونرا پرۆسەی دیموکراسی، جەنگ و دەعواشیان تادەگات بە شەڕی ناوخۆیەك کە بڵێسەی سەندووە ناوزەدکرد بە عەمەلیەی سیاسی ویەکترقبوڵکردن! بەرلە ڕوودانی جەنگی ئەمریکا لەعێراق زەمینەی جەنگێکی ناوخۆیان پێکەوەنابوو. ئەم بەشە لەخەڵك وئەم ناوچەیە لەووڵات کوردن، ئەویتر عەرەبی شیعە یا عەرەبی سونەن، ئەوەشیان تورکمان و...تد. ئەمانەش هەرکامیان

"موقەدەسات وحەرام وحەلاڵی خۆیان جیاوازە". ئەم دابڕینە قەومی و دینی وتائیفیانە، ئەم تێهەڵدانە لە شوناسی هاوولاتیبوون کەڕەتی تیرۆر ونائارامی وداڕزانی بنەماکانی ئابووری ودەوڵەت ویاسا وکۆمەڵگای مەدەنی بکە، دزی و تالانوبڕۆ و گەندەڵیشی بۆ زیادبکە دەکاتە وولاتی جەنگ، مەملەکەتی درۆ، پرۆسەی شەڕێکی ئەهلی تەواو عەیار. لەکەشوهەوایەکی بەمچەشنەدا تەنها تیرۆر و تیرۆریزم، جا ئیسلامی یا غەیری ئیسلامی نەشونمادەکات. هەر گۆشە و کولانێکی وولات مزگەوت یا حوسەینییە یاخود شوێنێکی پیرۆزی قەوم یا دین یاتائیفەیەکی لیٚ قووتبۆتەوە. کەمپەینی ئەفیونخواردکردنی خەڵك وجەماوەر بەدەسبردن بۆ هەرکام لەم هەزاران ناوکۆکەی تیرۆر و کۆنەپەرستی و دواکەوتووییەوە لەلایەن هەر داروەستە و لایەنێکی دیکەوە دەسپێدەکات. ئەم شەڕ ودەعوایە نابڕێتەوە هەتا بڕست لەبەری ئینسانییەت ومرۆڤدۆستی وسکۆلاریزم لەم وولاتە نەبڕن و وشادی وپێکەنین کلۆمنەکەن. لەبۆش وبلێرەوە تادەگاتە ئەوروپای هاوبەش، لەجەعفەری و سیستانییەوە تا عەللاوی و پاچەچی وموفتی سونەعەرەبەکان، لەئەلقاعیدە وپاشماوەکانی بەعسەوە هەتا تاڵەبانی وبەرزانی، لەپەیماننامەیەکی هاوبەشدا دژبە ئینسانییەت و دژبە کۆمەڵگای عێراق یەکیانگرتووە. ئەم بەرەیە جەنگی دەسەلات وکورسی حوکم وپەرلەمان دەکەن. ئەم جەنگە هیچ شەرعییەتێکی نییە. جەنگێکە لەدژی ئێوە بەناوی درۆیینەی ئێوەوە و گوایا لەپێناوی "ماف خوراوی!" ئێوەدایە!جەنگی دەسەلاتی خۆیان بەئێوە خەڵکی عێراق ئەنجامدەدەن. دەیانەویٚ بەدابڕینی شوناسی عەرەب و کورد، شیعە و سونە و قەوم عەشیرە بەسەرتاندا بتانکەن بەسووتەمەنی جەنگی دەسەلاتی خۆیان. نموونەی ئەم دەسەلاتە گەندەڵ ودژە خەڵکییە حیزبە کوردییەکانن. ئەمریکا وڕۆژئاوا بێشەرمانە کوردستانی عێراق بەنموونەی دیموکراسیەکەیان دێننەوە، کە خەڵکەکەی بەچنگ دەسەلاتی فیرعەونییانەوە بەگیرهاتوون و لەبەرامبەر دزی وتالانوبڕۆ وگەندەڵیدا دەستیان بۆ دەستی یەکتر بردۆتەوە هەتا ژیانی ڕۆژانەیان لەگەرووی ئەم تالانچیانە دەربێنن. نموونەی دیموکراسی بێچووە دیموکراسیەکانی بۆش لەکوردستان ئەوەیە کەرکوك کەشاری زێڕی ڕەشە لەژێر ڕەحمەتی ئەواندا گۆڕاوە بۆ حاویە وزبڵدان! ئەگەر نەبێتە پیاوی ئەو حیزبانە ماف کار وژیانت نابیٚ لەکوردستان. دەربڕینی ئازاد بەدەردی د.کەمال قادر و مەریوان هەڵەبجەیی دەبەن. بەمپێیە ئەوەی ناوینراوە پرۆسەی سیاسی لەعێراق لەواقعدا پرۆسەی دابەشکردن وپچڕینی بەشە دەسەلات وسەروەت وداهاتە لەعێراقدا لەڕێگەی جەنگەوە. ئەم جەنگەش لەسەر دڵ وژیان وچارەنووسی خەڵکی کڵپەیسەندووە و بەپێچەوانەی ویستی خەڵکەوە فڕێدراونەتە ناویەوە. خەڵك ئەمڕۆ لەعێراق لەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکادا مەحکومن بە جەنگێك کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەپێناوی سەپاندنی دەسەلاتیاندا بەرپایانکردووە. ئەمەی ڕوودەدا و ڕۆژانە دەیبینین جەنگێکی ناوخۆییە بەهەموو ماناکانییەوە. ئەم حیزب و لایەن وقەوم وتائیفانە کەی دانووستانەکانیان بەلایەکدا سووك یاقورستردەبێت، بەتەقاندنەوەی گومەزی مزگەوتێك بەنزین بەئاگری جەنگدا دەکریٚ بەمەبەستی درووستکردنی هاوسەنگی. هیچ هێزێك وەیا هیچ پێودانگێك نییە بتوانیٚ بالانسی ئەم کۆکتێلە ناڕێکە و ئەم قومبەلەمەوقوتە سیاسیەی عێراق ڕابگرێت. ئەگەر تائێستا ئەمریکا بەنرخی قوربانیبوونی سەدهەزار ئینسانی بێدیفاع ئەو بالانسەی ڕاگرتبێت، ئێستا خۆشی بالانسی تێکچووە. بۆیە بەڕای من دیوی ڕاستەقینەی سیاسەتی دیموکراتیزەکردنی عێراق و شکستی پرۆسەی سیاسیەکەی خەریکە

**بەتەواوی دەردەکەویٚ و کۆمەڵگای داغانی عێراق بۆ ناو قووڵایی یەك جەنگی تەواو عەیاری ناوخۆ ڕۆچووە. ئەمە خەتەری سەرەکییە و دەبیٚ بەسەرسەری خەڵك وکۆمەڵگاوە لابرێت.**

**تەنیا هێزێك کە لەڕووی سیاسی و ویژدانی و ئەخلاقییەوە لەبەرژەوەندیدا بێت هەم ئەم جەنگە ڕوونەدات وەیا قووڵترنەبێتەوە هەم لایەنەکانی دەسکۆتابکرێن، خەڵکی عێراق خۆیانن. هێزی سیاسی زۆریش هەن بەم ئاراستەیەدا کاردەکەن و جیهانی شارستانیش چاویبڕیوەتە جووڵەیەکی بەمجۆرەی خەڵکی عێراق. خەڵك و کۆمەڵگای عێراق لەبەردەم دووڕیانێکدا ڕاوەستاون. یادەبیٚ تەسلیمی ئەم جەنگە بن کەهاتۆتەبەردەرگایان، یادەبیٚ لەبەرامبەری ڕاوەستنەوە. تەسلیمبوونیان بەم جەنگە بەمانای دۆڕاندنی ئێستا و ئاییندە و ئینسانییەتیشیانە. وەستانەوەشیان لەبەرامبەریدا کڕینەوەی حورمەتی ئینسانیان و خۆیان و ئایندەیانە. خەڵکی عێراق دەتوانن ئەمڕۆ لەدەوری ژیانی ئێستا و داهاتووی خۆیان و نەوەکانیان یەکێتی و یەکگرتوویی تەواو پێکبێنن. بەرگری لەخۆیان ولە ئینسانییەتیان، بەرگری لەهەست و نەستیان لەبەرامبەر مشتێك قەومپەرست وتایەفەچی و سەرۆك خێڵدا پرشنگدارترین لاپەڕەی مێژووی ئەم وڵاتە تۆماردەکات. بەرەی بەرامبەرتان ئامانجیان ووردکردنی ئیرادەتانە بەرلە هەر ئیدیعا و پڕوپووچێکیان دەربارەی دیموکراسی و ماف ئەم قەوم وتائیفانە بۆ تەسلیموونتان پێیان. ئێوە لایەقی ئەوەن ژیانی ئینسانی ئەم چەرخە بژین. نەك ژیان وچارەنووستان بارمتەی جەنگکرابێت. بەرگری لە ئیرادەی یەکپارچەتان بکەن. ئیرادەی یەکگرتووی خەڵك هەر هێزێك لەسەرجێی خۆی دادەنێتەوە. ئێوە دەتوانن مەترسی ئەم جەنگە ناوخۆییە دووربخەنەوە.**

2006-2-28